# کورد و هه ڵبژاردنه کانی ئێراق

نووسه ر : سیامه کی کاکه یی[1]
وه رگێڕان : ڕێناس جاف
renascaf@yahoo.com

هه ڵبژاردنه کانی سه رانسه ری و گشتی ئێراق له چه ن ڕوانگه و گۆشه نیگاوه ، بۆ لێکدانه وه ده شێ. ئه مه یه که م تاقیکاری و ئه زموونی به ڕێوه بردنی هه ڵبژاردنێکی هه مووانی و به رفره ، ئازاد و دیمۆکراتیک له ئێراقدایه که زۆربه ی گرووپ و ئالییه کانی جڤاکی، سیاسی و مه زه بی ئێراق دڵخوازانه خۆ یان بۆ به شداری له دیاریکردنی چاره نووسی خۆدا ته یار کردووه . له و ڕوانگه وه هه ڵبژاردنه کانی 30 ژانڤیه، ڕۆڵێکی سه ره کی له دیاریکردنی چاره نووسی گه لی ئێراق و ده سته لاتداریێتی نه ته وه یی واندا ده گێڕێ . ئه و حه قیقه ته ی وه بیرهێنه ره وه ی ڕابوونێکی سیاسی و نه ته وه یی ئێراقییه کان له سه رده می پاش شه ڕی یه که می جیهانییه ، واته ئه و ده مانه ی ئێراق له لایه ن به ریتانیاوه داگیر کرابوو. چوونکه هه ندێ له تایبه ته مه ندییه کانی سیاسی و جڤاکی ئێراق له و دوو قۆناخه دا زۆر لێک ده چن . خاڵی جیاکه ره وه ی هه ڵبژاردنه کانی 30 ژانڤییه له گه ڵ هه موو ئه و هه ڵبژاردنانه ی که له ئێراقدا( هه ر چه نده به شێوه ی ڕوواڵه تی وهاکه زایی) به ڕێوه چوونه ، به شداری و ئاماده بوونی دوو ده ورگێڕ ی سه ره کی شانۆی سیاسی/جڤاکی ئێراق یانێ کورد و شیعه کانه . شیعه کان نێزیک به سه تی 65 و کورده کانیش سه تی 20 حه شیمه تی ئێراق پێک دێنن . به لام هه تا به ئێستا له ده زگای ده سته لاتی ئێراقدا ده ورێکی ئه وتۆیان نه بینیوه و به رده وام ده سته لات له ئێراقدا له ده س که مینه ی سوننه دا بووه . ڕاڕابوون له حاند کورد و شیعه له ئێراقدا ، به رهه م و ده سکه وتی سه رده می حکومه تی به عس نییه ، به ڵکوو بنچینه ی دیرۆکی هه یه و ئه گه ڕێته وه بۆ سه رده مانێکی دوور. وه ک چلۆن له سه رده می ده سته لاتی عوسمانییه کان دا هیچ چه شنه ده رفه تێکی پێشکه وت و گه شه و خۆ ده رخستن به شیعه کان نه درا. ته نانه ت پاش په سن کرانی یاسای بنه ڕه تی ساڵی 1908 که وه ک شۆڕشێکی دیمۆکراتیک و وه رامێکی گشتی له حاند ئازادی و به رانبه ری و یه کسانی بۆ هه موو شارومه ندان له قه ڵه م درا، که چی شیعه کان که وتنه په راوێزه وه .

پاشی ئه وه ی ساڵی 1914 به ریتانیا ، ئێراقی داگیر کرد و ئه و ڕه وشه هه تا ده یه ی 1930 خایاند ، ئه و شک و گومان و ڕاڕاییه له حاند کورد و شیعه ، به ته شک و شێوه ی دی ، هه ر وا له گۆڕێدا بوون .

به لام نابێ ڕۆڵ و ده وری ئه وان وه ک زۆرینه ی ئه وده ر له بازنه ی ده سته لات له بیر بکه ین که به ڕاستی له شانۆی گۆڕانکارییه کانی سیاسی و جڤاکی دا ، ئه و ده وره پڕ خۆیا بووه .

له و سه رده مه دا ئێراق له ژێر سه رپه رشتی به ریتانیا دا بوو، ڕۆڵی زانایانی ئایینی شیعه له ڕێبه رێتی کردنی شۆڕشه مه زنه که ی مارس و ئاپریلی 1918 ی نه جه ف و ڕاپه ڕینه گه وره که ی 1920 دژ به به ریتانیا زۆر به ر چاو بووه .

هه ر له و ده مانه دا شێخی نه مر[2] ،شێخ مه حمووی به رزنجی له باشووری کوردستان[3](باکووری ئێراق) و له ناوچه ی سلێمانی ، دژ به ده سته لاتی به ریتانییه کان ، ڕاپه ڕیبوو، ساڵه های ساڵ پاش سه ربه خۆیی ئێراق و گۆڕدانی به رده وامی حکومه ته کان له ئێراقدا هه تا ئاخر و ئۆخری ده یه ی 1960 له به ر کۆده تای په یتا په یتا و هه ر وه ها

سالآنی ژێر سێبه ری ڕه شی  به عسییه کان و ده زگای داپلۆسێنه ری  سه دامی دیکتاتۆر، به ڕاشکاری و نهێنی ، پێش  به خه بات و چالاکی کورد و شیعه کان ده گیردرا.

سه رکوتکرانی  بزوتنه وه و ڕاپه ڕینه که ی  بارزانی نه مر4  له نێوه ڕاستی ده یه ی  1970  و کاره ساتی  ئه نفالکردنی کوردان و مه رگه ساته که ی هه ڵه بجه له  ئاخر و ئۆخری  ده یه ی 1980  له لایه ن سه دامی خوێن مژه وه و  هه روه ها ڕاپه ڕینه  خوێناوییه که ی  شیعه کان   له  ساڵی 1991  له و  نموونانه ن .

ئێستێ  دیرۆکی ئێراق  تووشی  وه رچه رخانێک  بووه و گه لی  ئێراق  سووره  له سه ر  به شداری  چالاکانه  له دیاریکردنی چاره نووسی  خۆدا.

به شداری 111 گرووپی  سیاسی  ئێراق   به شێوه ی   هاو به ندی   یان  سه ربه خۆ   له  هه ڵبژاردنه کانی  30  ژانڤییه ، ڕوونکه ره وه ی   بایه خی   هه ڵبژارنه کان   لای   گه لی  ئێراقه.  له  نێو  ئه و   گرووپ و ئالییانه دا ، کورده کانی  ئێراق وێڕای  به  شداری  به ر فره   له  هه ڵبژاردنه کانی سه رانسه ری  ئێراقدا، خۆ بۆ هه ڵبژاردنه کانی   په رله مانی  کوردستان له  هه مان  ڕۆژدا  ته یار  ده که ن .

له  پێوه ندی  ده گه ڵ باسی  لێکدانه وه ی  ڕۆڵ  و ده ور و  پێگه ی   گرووپه کانی  سیاسی  ئێراق  له  هه ڵبژاردنه کان 30 ژانڤییه  دا، هه ڵسه نگاندنی پێگه ی  کورده کان  له و   هه ڵبژاردنانه  و  داڕشتی  سیاسی  ئێراقدا  ، بایه خێکی  هه ره تایبه تی  هه یه . پارت و ئالییه کانی  سه ره کی  کوردی  ئێراق  واته  (ی.ن) و (پ.د.ک)   که خاوه ن  ئه زموونی  نێزیکه ی 13  ساڵان  حکومه تی   هه رێمی  هه ولێر  و  سلێمانین و  له هه مان  حاڵێشدا  ئه زموونی  تاڵی   شه ڕی  براکوژی و نێوخۆییان  وه پشت  سه ر  ناوه ، ئێستا  به لیسته و هاوبه ندی  سیاسییه وه  بۆ  هه ڵبژاردنه کانی  سه رانسه ری و خۆجێی دابه زیون    . زۆربه ی  گرووپ و  پارته سیاسییه کانی  کوردستانی  ئێراق  ،، هه وڵیانه  هاوبه ندییه ک  ده گه ڵ دوو پارتی   سه ره کی کورد  بۆ  هه ڵبژادنه کانی   سه رانسه ری   یان  هه ڵبژاردنی  ئه نجومه نی  نیشتمانی  چێ  بکه ن.

هه ڵبه ت  چه ن  گرووپ و پارتێکی  کوردیش   له  به ر  هه ندێ  تێبینی  سیاسی ، به شێوه ی سه ربه خۆ  له  هه ڵبژاردنه کاندا  به شدار  بوونه    به ڵام ژماره ی   ئه و جۆره گرووپانه  زۆر که مه .

گه وره ترین و  گرینگترین هاوبه ندی کورده کان بۆ  هه ڵبژاردنه کانی ئێراق، لیسته ی  هاوبه ندی کوردستان  یان   لیسته ی هاوپه یمانی  کوردستانه .  ئه و لیسته ی   164  به ربژار له  پارت و گرووپه کانی هاوپه یمانی  نێو  لیسته که   ده گرێته وه وه ک : "(پ.د) (ی.ن) یه کگرتووی ئیسلامی، حیزبی شیوعی، سۆشیاڵ دێمۆکرات،  پارتی زه حمه تکێشان ، حیزب و  که سایێتی یه کانی  سیاسی تورکمان، پارت و  گرووپه کانی سیاسی که لده،  ئاسووری و   سریانی، بزاڤی ڕه نجده رانی  کوردستان، یه کێتی نیشمانی دێمۆکراتیکی  کوردستان  و چه ن که سایێتی  سه ربه خۆی  ئێراقی  تێدایه.

هاوبه ندی  کوردستانی  ئێراق  لیسته یێکی  هاوبه ش   بریتی   له  110  به بژارن  بۆ   هه ڵبژادنه کانی   په رله مانی کوردستانی   ئێراق . گرینگترین  به رنامه  و  پلانی ئه و لیسته  بۆ   هه ڵبژاردنه کانی  سه رانسه ری  و  بۆ هه رێمی کوردستان  بریتینه له  :  1 لاگری له سیسته می  فیدراڵی ئێراق  به  پێی  بنه مای فیدراڵیزمی  جۆگرافیایی  بۆ  ئاماده کردن و دانانی  یاسای  بنه ڕه تیی  هه میشه یی  ئێراق

2  پاراستنی   ده سکه وته کانی  حکومه تی  هه رێمی  کوردستان  پاشی ساڵی 1991

3  یه کێتی و هاوده نگی  له نێوان هه ر دوو  ده زگای  حکومه تی هه رێمی  هه ولێر و سلێمانی یانێ   ناوچه کانی  ژێر ده سته ڵاتی(ی.ن) و (پ.د.ک)  و  دانانی  ده وڵه تێکی یه کگرتووی   خۆجێی

4 جه خت له سه ر گه ڕاندنه وه ی كه ركووك، خانه قین،شه نگال ، مه خموور و ئه و شارۆچكه و گوندانه ی كه له سه ر ده می حكومه تی سه دام دا ته عریب كراون بۆ نێو هه رێمی حكومه تی خۆجێی فیدراڵی كوردستانی ئێراق و سڕینه وه ی ئاسه واری سیاسه تی كرێتی عه ره باندن

5 ڕێكخستنی هێزی پێشمه رگه ی كوردستان وه ك هێزێكی سوپایی یه كگرتوو

سه رچاوه : ڕۆژنامه ی شه رق،ڕۆژی دووشه مه 12 ڕێبه ندانی 1383 هه تاوی 2704 كوردی

سه رنجێ : ئه م بابه ته بۆ هه ڵبژارنه كانی ئێراق نووسراوه و ئه مه ی به رچاو كه وت به شی یه كه می ئه م بابه ته بوو.

---

1 شاره زای سیاسی

2,3,4 ئه و چه ن خاڵه وه رگێڕ دایناون.